www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 31-8-2006 1:42

خۆپیشاندان لە نێوان دوو سەنگەری ستوونیدا ... ئاراس حاجی خدر

گومانی تێدا نییە خۆپیشاندان یەکێکە لەو ئامرازە شارستانییانەی کە هاووڵاتیان وەک چەکێك بۆ داکۆکیکردن لە بەدەستهێنانەوەی ئەو مافانەی کە بە تێڕوانینی خۆی لێی زەوت کراوە بەکاری دەهێنێت.

داکۆکیکاران و حکومەت لە کاتی خۆپیشاندانداا دەکەونە دوو سەنگەرەوە: سەنگەری هێرش و سەنگەری بەرگری، بە شێوازێکی سروشتی خۆپیشاندەر هێرشبەر و حکومەت بەرگریکار، زۆر جاریش لە وڵاتی ئێمەدا ئەو شێوازە سروشتییە نامێنێت، لە کاتێکدا کە حکومەت لە نێوەندەکەدا رۆڵی مەحکومکردن و ناڕەزایی دەبینێت کە خۆی هێرش رێکدەخات و ئەوکاتیش هاووڵاتی دەکەوێتە سەنگەرێکی بەرگریی نەخوازراو، بەمەش باڕێکی ناتەندروست لە شێوازی مامەڵەی دیموکراسیی چاوەڕوانکراو دروست دەبێت، جا بۆ ئەوەی خۆپیشاندان بە شێوازە سروشتی و تەندروستییەکەی خۆی بڕوات، پێویستە حکومەت ئاواز و ئەدای دەزگا و دامەزراوەکانی خۆی بە تایبەت ئەوانەی رۆڵی رێکخستنی ڕەوشی ئاسایش دەبینن رێکبخات و لە هەمان کاتدا دەبێ ڕۆشنبیری و هۆشیاری بۆ داواکردن لە بەدەستهێنانی ماف لای تاکی خۆپیشاندەر زیاد بکرێت، بۆ ئەوەی خۆپیشاندەران لەو شێوازە مەدەنی و یاساییانەی کە بانگەشە دەکرێت، دەرنەچن و بە خێرایی لە ناو مێشك و هزری هەر تاکێکدا بچێنرێ و پرۆسەکان بەرەو ئاقار و ڕێڕەوی نەشیاو و زەرەرمەند نەڕوات.

ئاشکراشە کە نەبوونی ڕۆشنبیری و هۆشیاری و بۆ بەئەنجامگەیاندنی پرۆسە و ئالیەتی خۆپیشاندان لای هاووڵاتی دەرەنجامی سەلبی هەم بۆ خودی هاووڵاتی هەم بۆ حکومەت بە تێکچوونی باری ئاسایش دروست دەکات، دواجار دەبێتە هۆی ناشیرینبوونی یەکێك لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی.

خۆپیشاندان هەمیشە بەشێکی بەرهەمی سۆزە، سۆزیش زوو لە ڕێڕەوە راستەقینە و زانستییەکەی خۆی لا دەدات، لە کاتێك ئەگەر کاردانەوەی کارە سۆزییەکە تووندوتیژی بێت، لادانەکە راستەوانە زیاد دەبێت، بۆیە پێویستە دەزگاکانی ئەمنی لەو میانەدا بە چارەسەری زانستی بەرەو کێشەکان بێن و هەرگیز تووندوتیژی بە چارەسەر نەزانن و، بە قەبارەی کێشەی هاتوو چارەسەر دابنرێ، ئەگینا هیچ لایەك کارایەکی خێر نابن و، تەنگژە و ناخۆشی یەخەی هەموو لایەکمان دەگرێت و دواجار کەلێنێکی گەورە لە ڕووی ئەمنییەوە دروست دەبێ و کەسانێکی تر کە نە بە هاووڵاتی نە بە حکومەت رازین، کەلێنەکە دەقۆزنەوە و پڕی دەکەن بەو مەرام و ئامانجانەی کە خزمەتی پرۆژە سەلبییەکەی خۆمان دەکات.

بۆیە پێویستە حکومەت و هاووڵاتی بە هەماهەنگی کار بکەن بۆ دروستنەبوونی هیچ کەلێنێك و دووڕییەك لە یەکتر و لە کاتی هەستکردن بە هەر کەلێنێك لێزانانە و واقیعیانە پرۆژە سەرەکی و خزمەتگوزارییەکانی تێ بخرێت. سەرەنجام دروستبوونی هەر ڕەوشێك بە قازانجی پرۆژە ستراتیژییە ویستراوەکان کۆتایی پێ بێت و خزمەت بە وڵات و هاووڵاتی بکات.